# ئەوپەڕی پاکی

[ ئەوپەڕی پاکی ]

بەر لەوەی .. تۆی زەریا بناسم ..
لە هیچ گۆمێکی لیخن و پیس ..
مەلەم نەکردووە !
بەر لەوەی .. تۆی دارستان ببینم ..
بۆ هیچ درەختێکی زڕ .. من کڕنوشم نەبردووە ..!
بەر لە تۆش ..
پەرژینی هیچ باخێکم نەشکاندووە ..
قەتیش گوڵی بێبۆنم نەدزیوە ..
بەڵام .. بەر لە تۆش ..
کەس دڵی بە کارەساتی من .. نەلەرزیوە..
بەر لە تۆ ..
هیچ شۆخێ بە حەزی من ..
وەك تۆ کەللەی نەتەزیوە !

(1983)